# ئاستی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەم حکومەتی هەرێمی کوردستان

## 2019 - 2025

حـکـومـەتی هـەرێـمی کـوردسـتـان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
فـەرمانگەی میدیا و زانیـاری
تشرینی دووەمی 2025

## کارنامەی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاستی جێبەجێکردنی

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارنامەکەی ڕاگەیەندرا و لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا. شانازییە کە بۆ یەکەمین جار، زۆرینەی ئەو بەڵێنانەی لە کارنامەی حکومەتدا بە هاووڵاتییان درابوون، جێبەجێ کراون. لە هەمان کاتدا، کابینەی نۆیەم لە سۆنگەی باوەڕبوونی بە شەفافیەت و بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتییان، بە گرنگی دەزانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بکات و بیخاتە بەردەم ڕای گشتی.

کابینەی نۆیەم، سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاریی زۆر و قەیرانی جۆراوجۆر، توانیویەتی زۆرترین پلان و بەڵێنەکانی کارنامەکە جێبەجێ بکات، لە ماوەی کارکردنیدا، بە سەدان پرۆژەی گەورە و ستراتیجی لە چەندین سێکتەری گرنگ جێبەجێ کراون.

بێگومان هەندێک بوار ماون کاری لەسەر بکرێت، هەروەها هێشتا بەربەست و ئاڵنگاری هەن و سەرجەم ئەو گرفتانەی دەستنیشان کراون و بەشێکی زۆری دیاری کراون کە کاریان لەسەر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنیان.

کابینەی نۆ و سەرۆک وەزیران، وێڕای جێبەجێکردنی بەشێکی هەرە زۆری ئەو بەڵێنانە، چەندین پرۆژەی دیکەیان ئەنجام داوە، لە کاتێکدا چەندین قەیرانی وەک بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم، لێبڕینی بودجە و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و چەندین بەربەستی تر هاتوونە پێش.

لە هەمان کاتدا، کابینەی نۆ خواستی پرۆژەی زیاتر و خزمەتگوزاریی باشتری بۆ هاووڵاتییان هەیە، لە ئاییندەدا کاری زیاتریان لەسەر دەکرێت و پەرەیان پێدەدرێت.

## یەکەم: لە ئاستی چاکسازیدا:

**سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {بە مەبەستی چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەک لەم کەرتە}:**

یاسای چاکسازی دەرچوێنرا و سێ راپۆرت لەو بارەیەوە بڵاو کرانەوە، هەروەها سیستەمی "هەژماری من" و ناوەندیی مووچە دامەزرێنران.

**سەبارەت بە خاڵی دووەم: {بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیشوکاری هاووڵاتییان و ڕێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا}:**

دەیان سیستەمی کارگێڕی بە ئەلیکترۆنی کران، لەوانە:

- سیستەمی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، تایبەت بە تۆماری کۆمپانیا و ناوی بازرگانی.
- سیستەمی ناوەندیی مووچە، بۆ ئامادەکردنی لیستی مووچە و ڕێکخستنی سەرچاوە مرۆییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- سیستەمی (KFMS) تایبەت بە خەرجی.
- ئەپڵیکەیشنی (KRDPASS)، دەروازەیەک بۆ سەرجەم هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان.
- سیستەمی سکاڵای هاووڵاتییان، بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و بەڕێکردنی کارەکانی هاووڵاتییان بە باشترین شێوە.

بەشێک لە وەزارەتەکان سیستەمی دیجیتاڵیی بەدواداچوونی نووسراوی فەرمییان دامەزراند و لەبەر دەستی هاووڵاتییاندایە و سیستەمی

بەدۆکیۆمێنتکردنی سەرجەم نووسراوە فەرمییەکانی حکومەت لە قۆناغی کۆتاییدایە.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم: {نابێ بەرپرسانی باڵای حکومەت پێگەی کارگێڕیی خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکار بهێنن}:

بە پشتبەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم، دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان و دیوانی چاودێریی دارایی، بەشێوەیەکی کارا ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە و دوایین ڕاپۆرتی دەستەی دەستپاکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کرایەوە.

سەبارەت بە خاڵی چوارەم: {بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و خراپبەکارهێنان و بەلارێدابردنی}:

بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئیفاد و سەفەرێک لەسەر بودجەی حکومی ڕاگیراوە، بۆ ئەو مەبەستە داتابەیسی شاندەکان دامەزرێنرا و لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەڕێوە دەچێت.

سەبارەت بە خاڵی پێنجەم: {بۆ ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی، ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و مومتەلەکاتی هەرێم}:

پلانی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، بە بڕیاری (116) لەو بارەیەوە پەسەند کرا و دەیان موڵکی دەوڵەت گەڕێندراونەتەوە.

## سەبارەت بە خاڵی حەوتەم: {بە مەبەستی چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک}:

چەندین بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆڵی جۆری دامەزران، تۆماری دەرمان و یەکخستنی نرخ لە دەرمانخانە حکومییەکان، بەپێی ستاندارده جیهانییەکان کرانه سیستمی ستیکەری دەرمان و لە هەموو دەرمانخانەکان پەیڕەو کراوە، هەروەها یەکێک لە پلانەکانی حکومەت دامەزراندنی دەستەی خۆراک و دەرمان بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانەکان دواکەوت و لە ئێستادا حکومەت بە بەردەوامی کاری لەسەر دەکات و بە دامەزراندنی، بە تەواوی کاریگەریی لەسەر نرخ و کوالێتیی دەرمان لەسەر ئاستی هەرێم دەبێت. هەروەها بیمەی تەندروستی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کراوە و بیمەی تەندروستیی گشتی لە پلاندایە، لە کاتێکی نزیکدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## سەبارەت بە خاڵی هەشتەم: {بۆ چاکسازی لە سیستەمی باج و دادپەروەری لە وەرگرتنی باج}:

ڕێکارەکانی وەرگرتنی باج ڕێک خرایەوە و چەندین بریاری لێخۆشبوونی وەرگرتنی باج، لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان هەڵوەشێندرانەوە. هەروەها بۆ یەکەمین جار گەورەباجدەران باجیان لێوەرگیرا کە بە نزیکەی **70**%ی کۆی داهاتی باج پێک دەهێنێت.

سەبارەت بە خاڵی نۆیەم: {بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بەپێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ کێبڕکێی بازرگانیی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری}:

**سیستەمی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەئەلیکترۆنی کراون، سیاسەتی یەکپەنجەرە پەیڕەو کراوە، شەفافیەت لە ڕاگەیاندنی تەندەرەکان و ڕێکخستنەوەی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکان جێبەجێ کراوە.**

سەبارەت بە خاڵی دەیەم: {پشتیوانیکردنی کاری چاودێریی پەرلەمان و پابەندبوون بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها ڕێزگرتن لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، بەپێی بنەماکانی کاری پەرلەمان}:

**لەم چوارچێوەیەدا، وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم لە ماوەی 5 ساڵدا، 123 جار ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان و 307 جار ئامادەی دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بوون و وەڵامی 1027 پرسیاری پەرلەمانتاران دراوەتەوە.**

سەبارەت بە خاڵی پانزەیەم: {سندووقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گەرەنتیی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات}:

**سندووقی خانەنشینی بەپێی یاسای پەیوەندیدار بۆ مەبەستی گەرەنتیی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لە هەرێم، کارەکانی دامەزراندنی تەواو کراوە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەست بە کارکردن دەکات.**

سەبارەت بە خاڵی دوازدەیەم: {بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم، لەپێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم}:

لە بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، لە پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، تا ئێستا **88,900** ئەفسەر و پێشمەرگە لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی **43** لیوای سەر بە **7** فیرقە و **2** فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی جێگیر کراون و هاتوونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە؛ هەروەها یەکخستنەوەی پاسەوانی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ و ڕێکخستنەوەی هەردوو هێزی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و گواستنەوەی دۆسییەی **17,859** خانەنشینی لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی خانەنشینیی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینیی وەزارەتی دارایی و ئابووری و گواستنەوەی **166** دۆسییە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێداچوونەوە بۆ **1478** دۆسییەی پلەبالاکان کراوە.

سەبارەت بە خاڵی سیانزەیەم: {کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێز گرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێک ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە}:

ڕێگری لە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێکی ناو کاری دادگاکان کراوە و پشتیوانی لە دادوەرەکان کراون کە کاری خۆیان بە سەربەخۆیی ئەنجام بدەن. کابینەی نۆ، پەنای بۆ دادگاکان بردووە لە یەکلاییکردنەوەی کێشە کارگێڕی و داراییەکان،

هەروەها (یاسای ژمارە (2) ی ساڵی 2022 یاسای چەک  لە هەرێمی کوردستان-عێراق) دەرچوێنرا، ڕێکاری پێویست بۆ ڕامالْکردنی چەکی بێمۆڵەت دەستی پێکرد و پرۆسەکەش بەردەوامە.

هەروەها بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە 110، بۆ بەرکارکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی سیمکارت،  کە بووە هۆی کەمکردنەوەی تاوانەکان لە ڕێگەی دەرخستنی زانیاریی کڕیارانی سیمکارت بە هەموو جۆرەکانییەوە.

## دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

**سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتییان، هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یاخود دڵنیایی تەندروستی بەپێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین}:**

**یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2020 ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان دەرکرا. هەروەها پرۆسەی بە بیمەکردنی تەندروستیی پێشمەرگە دەستی پێکرد.**

**سەبارەت بە خاڵی دووەم: {کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهینان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا}:**

**پرۆژەی ڕووناکی بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کارەبا جێبەجێ کرا، بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان، دابەشکردنێکی پێشکەتوو و دادپەروەرانەی کارەبا و ڕێکخستنەوەی نرخی گونجاوی کارەبا.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم: {كار دەكەین بۆ چاككردن و بەرزكردنی ئاستی خزمەتگووزارییەكانی پەروەردە و فێركردن لە كەرتی گشتی و دانانی رێكاری ڕاكێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەكی بۆ بەشداری لە ئاواكردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە}:

چەندین قوتابخانە و هۆڵی خوێندن دروست كراون و نۆژەن كراونەتەوە، و هەزاران منداڵی سەرشەقام گەڕێندرانەوە بەر خوێندن.

تەواوی سیستەمە كارگێڕییەكانی وەزارەتی پەروەردە بۆ كارئاسانیی ماڵباتی قوتابی، بەئەلیكترۆنی كراون، سەبارەت بە پرۆگرامەكانی خوێندن لە سەرجەم ئاستەكان، پێداچوونەوە بە پرۆگرامەكان بەردەوامە، تا بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەكانی سەردەم و تایبەتمەندیی هەرێم. بۆ ئەم مەبەستەش، یاسای ئەنجومەنی متمانەبەخشین بە دامەزراوەكان و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەشریع كرا، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندن، یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای پەروەردە و فێركردن دەرچوێنرا.

سەبارەت بە خاڵی چوارەم: {كار دەكەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەكانی سەر زەویی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاوڵاتیان و بە جۆرێك ئاوی پاك بگەیەنرێتە هەموو هاوڵاتیان و تا بكرێت ئاوی ژێرزەوی بەهەدەر نەدرێت}:

چەندین بەنداو و پۆند و دەیان پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ جێبەجێ كران و هەزاران بیری نایاسایی كوژێنرانەوە، پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ گەیەندرایە سەرجەم گوندەكانی كوردستان.

سەبارەت بە خاڵی پێنجەم: {کار دەکەین بۆ باشترکردنی ڕیگەوبانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم وهەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە رابکێشین}:

هەزاران کیلۆمەتر ڕێگەوبانی دەرەوەی شارەکان و نێوان گوندەکان دروست کراون، هەروەها دەیان پرۆژەی ڕێگە و بەرزەپرد لە ناوەوەی شارەکان دروست کراون و سیستەمی خاڵ بۆ خاڵ بۆ ڕێگریکردن لە تیژڕۆیی جێبەجێ کرا، کە ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بە ڕێژەی بەرچاو کەم کردووەتەوە.

سەبارەت بە خاڵی شەشەم: {کار دەکەین بۆ رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێک رێک بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت}:

بە هۆی رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ وەبەرهێنەران، سەرمایەی گشتیی سێکتەرەکانی وەبەرهێنان گەیشتووەتە ملیاران دۆلار، کە زۆرینەی پرۆژەکان لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و گەشتوگوزار بوون.

سەبارەت بە خاڵی حەوتەم: {کاردەکەین بۆ زامنکردن و رێکخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بە جۆرێک مافی خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراو بێت}:

سندووقی خانەنشینیی کۆمەڵایەتی کارا کرا، پۆرتاڵی کار بۆ زەمینەسازکردنی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و دەستی کار بۆ خاوەن کار و کرێکاران دروست کرا و

هەوڵەکانی لایەنی پەیوەندیدار بەردەوامە بۆ ڕێکخستنەوەی زیاتری کاتژمێرەکانی کار و دڵنیایی تەندروستیی کرێکاران و دەستەبەری کرێکار و پرۆژەکان.

**سەبارەت بە خاڵی هەشتەم: {خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسییەکان}:**

چەندین پارچەزەوی و شووقە و خانوو بەسەر کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسیدا دابەش کراوە.

لێخۆشبوونی 100% لە کرێی خوێندنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی. هەروەها لێخۆشبوونی 100% لە پێشینەی هاوسەرگیری بۆ کچ و کوڕی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خودی زیندانیانی سیاسی و گیراوانی سیاسی.

**سەبارەت بە خاڵی نۆیەم: {بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان}:**

ئەو بەخشینەی بە خاوەن پێداویستییانی تایبەت دەدرا، کرا بە دەرماڵە و خرایە سەر مووچەکانیان.

**سەبارەت بە خاڵی دەیەم: {بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کولتووری ژینگەپارێزی}:**

کابینەی نۆیەم بە چڕی کاری کردووە بۆ پاککردنەوەی خاکی کوردستان لە مین، لە چوارچێوەی ژینگەپارێزیدا، چەندین پرۆژەی ریسایکلین جێبەجێ

کراون، لەوانە: بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، کارگەی ریسایکلینی قیرٍ لە هەولێر دامەزرا، بەپێی ڕێنماییە ژینگەییەکان، 25%ی ناوچەکانی پرۆژە پیشەسازییەکان، بۆ ڕووبەری سەوزایی تەرخان کراوە، چەندین پارک و باخچە دروست کراون. هەروەها دەیان پالأوگە، کە بەدەر بوون لە ڕێنماییە ژینگەییەکان، داخراون. لە میانەی جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکی، سەدان مۆلیدەی گەڕەکەکان کوژێنراونەتەوە.

## سەبارەت بە خاڵی یانزدەیەم: {بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان}:

چەندین پرۆژەی ڕێگەوبان، پرد، تۆنێل، گەیاندنی تۆڕی ئاو و کارەبا، بۆ یەکەمینجار، وای کرد، چەندین گوند ئاوەدان بکرێنەوە و چەندین بنکەی تەندروستی و قوتابخانە دروست بکرێن. ئەوەش هانی ساغکردنەوەی بەروبوومی جوتیاران و گەڕاندنەوەی گوندنشینانی بۆ گوندەکان داوە.

## سەبارەت بە خاڵی دوازدەیەم: {بۆ فەراهەمکردنی پانتایی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا}:

دەیان ڕێکخراوی ناوخۆیی و بیانی لە بوارە جیاوازەکان دەرفەتی کارکردنیان بۆ رەخسێنراوە و بۆ پاڵپشتیکردنی بواری وەرزشی و هونەری، چەندین یاریگە و هۆڵی بۆنەی هونەری و کولتووری دروست کراون.

**سەبارەت بە خاڵی سێزدەیەم: {لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی}:**

**یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2022، یاسای ئەنجومەنی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەشریع کرا، هەروەها دوو زانکۆ و دەیان بەشی زانستی دامەزران زەمینەی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەزاران توێژینەوەی زانستی ڕەخسێنرا.**

**سەبارەت بە خاڵی چواردەیەم: {لە چوارچێوەی بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتییان}:**

**ستراتیجی وەرچەرخانی دیجیتاڵی بۆ بەدیجیتاڵکردنی ژێرخانی حکومەت و بەئەلیکترۆنیکردنی دەیان سیستەمی کارگێڕی بۆ هاووڵاتییان ڕاگەیەندرا، بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕۆتین و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و کاتی هاووڵاتییان گیرا و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز کرانەوە.**

## سەبارەت بە خاڵی پانزدەیەم: {لە چوارچێوەی دیدگای حکومەت بۆ گەنجان وەک سەرمایەیەکی نیشتیمانیی گەورە و کاریگەری مرۆیی و ئایندەسازی وڵات}:

ئینستیتیوتی داهێنان و نوێگەریی کوردستان (KII) دامەزرا، کە پەرە بە بیرۆکەی داهێنەرانەی گەنجان دەدات و هانی وەدیهێنانی جیهانێکی پەرەسەندوو دەدات، هەر لەم چوارچێوەیەدا، بەردی بناغەی پارکی زانست دانرا، کە بەشێک دەبێت لەم ئەنیستیتیوتە، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ داهێنەران بکات و تاقیگە و کارگەی جۆراوجۆر بخرێتە بەردەستیان، تا بتوانن بیرۆکە و توێژینەوەکانیان بە شێوەیەکی کرداری لە بوارە جیاوازەکاندا تاقی بکەنەوە و بە ئەنجامیان بگەیەنن.

هەروەها پرۆژەی گەشانەوە بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بازرگانییە بچووک و مامناوەندەکان ڕاگەیەندرا.

## سەبارەت بە خاڵی شانزدەیەم: {شوێنەوارە مێژووییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی مێژوویی و کولتووریی وڵاتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لەپێشینەی حکومەت دەبێت}:

لەو چوارچێوەیەدا بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، چەندین پرۆژەی شوێنەواری جێبەجێ کراون و دەیان پرۆژەی کنە و پشکنین، لەلایەن زانکۆ و و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ کراون.

نۆژەنکردنەوەی چەند شوێنەوارێکی گرنگی وەکوو قەڵای هەولێر، ئەشکەوتی شانەدەر، قەڵای دوین، ئەشکەوتی چوارستوون، دەستیان پێکردووە و لە داهاتوودا ئەو شوێنەوارانە دەبنە شوێنی گەشتیاریی گرنگ.

## سێیەم: لە سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

{هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی فیدراڵی لە عێراق، گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر بنەمای دەستوور کە تاکەڕێگەی چارەسەرە بۆ پرسە گرنگەکانی وەک ماددەی **140**، پێشمەرگە، بودجە و سامانە سروشتییەکان، قەرەبووی ئەنفال و شەهیدان و گیراوان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتوانی دەستی رژێمی بەعس و هەموو مافە دەستوورییەکانی هاووڵاتییانی هەرێم}:

لەو پێناوەدا، دەیان جار شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردووە و چەندین ڕێککەوتنی لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسەکانی بودجە، نەوت و ئاسایش کردووە، وەکوو یاسای بودجەی ساڵی **2023-2024-2025** و ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لە نیسانی **2024** و ڕێککەوتنی شنگال لە تشرینی یەکەمی **2020**، بەڵام حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ پابەندی هیچ کامیان نەبووە.

هەروەها وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە بەردەوامی لە ڕێگەی ناردنی شاند و نووسراوی فەرمییەوە، داواکارییە دەستوورییەکانی گیراوان و زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی و تاقانەی ئەنفالیان ئاراستەی بەغدا کردووە.

هەروەها نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەغدا کارا کرا و ئاسانکاریی زۆر بۆ مامەڵەی هاووڵاتییان کراوە.

## چوارەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان:

سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {پێداگری لەو پێکەوەژیانە ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و مسوڵمان و ئێزدی و مەسیحی و کاکەیی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەو تایبەتمەندییەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین}:

حکومەتی هەرێمی پلانی هەرێمیی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە **2021** تا **2025** پەسەند کرد، لەپێناو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسوڵمان و ئێزدی و مەسیحی و کاکەیی و مەندایی و زەردەشتی و کردنەوەی قوتابخانە و شوێنی پەرستشی ئایینیی تایبەت بە خۆیان و بەشداریی کارایان لە کایەی سیاسی و حکومرانی.

سەبارەت بە خاڵی دووەم: {پێداگری لەسەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بەپێی یاسا بۆ هاووڵاتییانی هەرێم}:

لەو چوارچێوەیەدا، بە پێی ماددەی شەش لە یاسای ژمارە **(11)** ی ساڵی **2013**، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، لە کۆی پێنج برگە، چوار برگەی یاساکە جێبەجێ کراوە. بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت، لیژنە پێک هێنراوە بۆ ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم: {دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە. پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیان، ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێم بکەن}:

حکومەتی هەرێم، دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت وەستاوەتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا، ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان کارا کرا و ژینگەی ڕەخساندووە بۆ بەشداریی کارای ئافرەتان لە کایەکانی سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵایەتی.

بەشێک لەو ئاڵەنگارییانەی لەو بوارەدا هەن، لە ئەنجامی دۆخی ناوچەکەدا بووە، نەک بەهۆی بڕوانەبوون و کارنەکردنی حکومەت بە پرسە دیموکراتییەکان، بۆیە بەربەست و ئاڵنگارییەکان دەستنیشان کراون و پلان و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بەردەوامە.

## پێنجەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {دامودەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە دەبەن، لەپێناو بەهێزترکردنی پێگەی هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتی}:

پێداچوونەوە بە پەیکەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرا و کاری نوێنەرایەتییەکانمان لە وڵاتان ڕێک خرایەوە. لەم میانەیەشدا **490** ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ناحکومی و **12** ئاژانسی نێودەوڵەتی، زەمینەی کاریان لە کوردستان بۆ ڕەخسێنراوە، لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێم **14** نوینەرایەتیی لە دەرەوە هەیە، هەروەها **40** کۆنسوڵگەریی گشتی، کونسولگەری، نووسینگەی کونسوڵگەری، نووسینگەی باڵیۆزخانە، نووسینگەی بازرگانی و ئاژانسی هاریکاری، کۆنسڵی فەخری، لە هەولێر کراونەتەوە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم: {حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەخت لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کولتووری و بەرژەوەندیی هاوبەش دەکاتەوە}:

حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەڕی بە ڕێگە چارەی ئاشتیانەیە لە چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد و دۆزەکانی دیکە، لە هەمانکاتدا بڕوای بە ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتانی دراوسێ هەیە، هەروەها بنیادنانی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم: {پشتگیریی چارەسەریی ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەک بەکار دەهێنین، کە بەشێک بین لە ڕەوتی چارەسەری}:

**حکومەتی هەرێم پشتگیریی چارەسەری ئاشتییانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکات، بە جۆرێک پێگەی هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە ڕەوتی چارەسەری گشتی.**

سەبارەت بە خاڵی چوارەم: {حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات نوێنەرایەتییە هەنوکەییەکانی لە دەرەوەی هەرێم بەهێز بکات و نوێنەرایەتیی نوێ بەپێی پێویست لە وڵاتان بکاتەوە و زەمینەیەکی لەباریش دەڕەخسێنین بۆ ئەوەی وڵاتانی زیاتر کۆنسولگەرییەکانیان لە هەرێم بکەنەوە}:

**دوو نوێنەرایەتیی نوێ (نوێنەرایەتیی وڵاتانی قەتەر و ئەرمینیا) کراونەتەوە و هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دەرەوە بەردەوامە.**

## شەشەم: لە ئاستی ئابووری و داراییدا:

**سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرەچەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت}:**

حکومەتی هەرێم بە جێبەجێکردنی دەیان پرۆژەی ستراتیجی و گرنگ، کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریی بووژاندووەتەوە و چەندین کارئاسانیی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی کردووە.

**سەبارەت بە خاڵی دووەم: {گرنگی سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ و ئامرازە کشتوکاڵییەکان دەدەین}:**

چەندین بەنداو و پۆند و پرۆژەی ئاوەڕۆی گرنگ دروست کراون، بە سەدان کارگە و کۆگای ساردکەرەوە دروست کراون و بەگەڕ خراون، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانیی جووتیارانی هەرێم بۆ رەخساندنی بازاڕی گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیان کراوە و بۆ یەکەمینجار چەندین بەرهەمی ناوخۆیی جووتیاران هەناردەی دەرەوە کراوە.

**سەبارەت بە خاڵی سێیەم: {حکومەتی هەرێم  بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتییەکان}:**

**هەنگاوەکانی دامەزراوەکانی بانکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە و مۆڵەتی سەرەتایی بە ناوی بانکی نیشتیمان لە بانکی ناوەندیی عێراق وەرگرتووە بە سەرمایەی (250) ملیار دینار.**

**تۆمارکردنی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەی "هەژماری من"، لە چوارچێوەی پرۆسەی بەبانکیکردنی مووچەی مووچەخۆران، کە تا ئێستا 900 هەزار مووچەخۆر هەژماری بانکییان بۆ کراوەتەوە و پرۆسەکە بەردەوامە.**

**سەبارەت بە خاڵی چوارەم: {هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەک دەرەخسێنین. لە سەر ئەو بنەمایانەش کار دەکەین بۆ داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا}:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەر و سەرمایەی بیانی بۆ کوردستان، چەندین سیاسەتی گرنگی پەیڕەو کردووە، لەوانە: ڕێنمایی تایبەت بە کارکردنی وەبەرهێنەرانی بیانی و ئاسانکاریی کارەکانیان، لێخۆشبوون لە باج و رسوماتی پرۆژەکان و تەرخانکردنی زەوی، کردنەوەی ماڵپەری فەرمیی وەبەرهێنانی کوردستان Invest Kurdistan و یەکەی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ کوردستان.**

## حەوتەم: لە ئاستی کارگێڕی:

**سەبارەت بە خاڵی یەکەم: {کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەپێی یاسا، لە ژێر چاودێریی سەرۆکایەتیی حکومەت}:**

**حکومەتی هەرێم کاری کردووە بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان، لەو چوارچێوەیەدا 2 ئیدارەی سەربەخۆ و دەیان قەزا و ناحیە و بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزاری هێنراوەتە کایەوە.**

**سەبارەت بە خاڵی دووەم: {کاری جددی دەکەین بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دامودەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، ئەمەش بە پێی پلانێکی تۆکمە}:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاری جددیی دەست پێکردووە بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دامودەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی راژەی گشتیی دامەزراند.**

1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT